# ناسیۆنالیزم و پرسی ناسنامەی کوردستانی
# شیکردنەوەیەکی تیۆرییە

پ. د. ماهر عبدالواحد عزیز
mahir.aziz@su.edu.krd
بەشی کۆمەڵناسی کۆلێژی ئادابی
زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر

د. یاسین سالح حەمە
yaseen.salih@su.edu.krd
فەرمانگەی نێردراوان و پەیوەندییە
ڕۆشنبیرییەکان- وەزارەتی خوێندنی باڵا
کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی
سەلاحەدین

ڕەزامەندی وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٤/١
ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٥/٤/١٠

**پوختە**

لەم توێژینەوەیەدا لێکدانەوە و شرۆڤەی ناسیۆنالیزم لە ڕوانگە و بۆچوونی مێژوویی و سۆسیۆلۆژیای سیاسییەوە تاوتوێکراوە و هەوڵدراوە وەڵامی چەند پرسیارێک بدرێتەوە، وەک: ناسیۆنالیزم چییە و چ پەیوەندییەکی بە پرسی کوردەوە هەیە؟ قوتابخانە سەرەکییەکانی ئەم بوارە کامانەن؟ ئایا دەکرێت لەنێو دەوڵەتێکی فیدراڵیدا ناسنامەی دیکە هەبن؟ ئاستەنگ و ئالەنگارییەکانی ناسنامەی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستاندا چین؟ بەپشتبەستن بە شرۆڤەی تیورییەکانی ئەدەبیاتی سیاسی بواری ناسیۆنالیزم و لە ڕوانگەی بیرمەند و تیۆریستە هاوچەرخەکانی وەک ئێرنست گیلنەر و ئەنتۆنی دی سمیس و بینیدێکت ئەندەرسۆن، توێژینەوەکە ئەوەی دۆزیوەتەوە، کە دەکرێت لە دەوڵەتێکی فیدراڵیدا دووانەی ناسنامە هەبێت، بەڵام بابەتی ناسنامە لە کوردستان لەبەردەم ئالەنگاری گەورەدایە.

**یەکەم - پێشەکی**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵیداوە ئەوە بسەلمێنێت کە نەتەوەگەرایی دەربڕینی سەرەکی هەستی ناسنامەیە لەنێو کۆمەڵگەیەکی سەربەخۆی دیاریکراودا. لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی سیاسییەوە تاوتوێی بابەتی ناسیۆنالیزم وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی بۆ سەربەخۆیی و یەکپارچەیی و ناسنامەی نەتەوەیی، کە چەمکێکی شیکارییە لەسەر بنەمای دووبارە دروستبوون و دەرکەوتنەوەی هەمیشەیی دەکات. گرفتی ناسنامەی نەتەوەیی لە دەیەی کۆتایی سەدەی بیستەمدا لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر بەرچاو بوون. لەم ساڵانەی دواییدا گرنگی زیاتر بە پێکەوەژیانی ئاشتیانە و چارەسەری ململانێ لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتووش دەدرێت، کە ڕەنگدانەوەی ململانێی ئەتنیکییە لەسەر بنەمای ناسنامەی ڕاستەقینەی گرووپەکان کە لە ساڵانی 1990 وە بە چڕی سەریهەڵداوەتەوە.

مەسەلەی نەتەوە، ناسیۆنالیزم و دروستکردنی ناسنامەی نەتەوەیی ئەو بوارانەن کە هەرگیز ناکرێت فەرامۆش بکرێن، بەوپێیەی هۆکارێکن بۆ ململانێ و شەڕ و ناسەقامگیری سیاسی. ئێرنست گێلنەر (١٩٨٣) پێیوایە مرۆڤی بێ نەتەوە وەک ئەو کەسە وایە کە سێبەری نەبێت. لەبەرئەوەی هەموو گروپە نەتەوەکان نابن بە خاوەن دەوڵەت، یاخود کۆی گشتی نەتەوەیەک ڕەنگە نەتوانن ببن بە خاوەن یەک دەوڵەتی نەتەوەیی، یان گرووپێکی نەتەوەیی باڵادەست نکۆڵی لە بوونی ئەوانیدی دەکات لەناو دەوڵەتێک، ئەمانە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی کێشە و ململانێی ئەتنیکی، بەوپێیەی گێلنەر ئاماژەی بۆ دەکات، دەبێت



SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

سنوری دەوڵەت و نەتەوە هاوکۆک بن. بۆیە لە سەد ساڵی ڕابردوودا بەشی زۆری ئەو جەنگ و ململانێیانەی ڕوویانداوە پەیوەندییان بە کێشە ئەتنیکی و نەتەوەییەکانەوە هەبووە. فرانسیس فۆکۆیاما (١٩٨٩) لە تیۆری کۆتایی مێژوودا باس لەوە دەکات کە لیبرالیزم لە سەدەی بیستدا توانی شکست بە ئایدۆلۆژییەکانی دیکەی وەک فاشیزم و سۆشیالیزم بهێنێت، هەروەها توانیویەتی بەشی زۆری کێشەکانی چینایەتی و ژینگە و ئابووری چارەسەر بکات، بەڵام ناسیۆنالیزم و کێشەی ناسنامە ئەو بوارەن، کە ڕەنگە وەک گرفت لەبەردەم هەژمونی لیبراڵیزمدا بمێنێت. هەرچەندە ئەو پێیوایە لیبراڵیزم دەتوانێت ئەو بابەتەش چارەسەر بکات، بەو پێیەی ناسیۆنالیزم بۆخۆی ئایدۆلۆژیا نییە و زیاتر بزووتنەوە و پرۆسەی سیاسییە لەپێناو بەشداری و بەدەستهێنانی دەسەڵاتدا (Fukuyama,1989:14)، بەڵام ڕووداوەکانی ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی بیستەم و تەنانەت شەڕە نوێیەکانی ئۆکراین و ڕووسیا، کێشەکانی سوریا، عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوین ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە کێشەی ناسنامە ئالەنگارییەکی بەهێزی بەردەم سەقامگیریی و ئاشتی جیهانییە و دەوڵەتانی مۆدێرن توانای گۆڕینی بنەڕەتی ناسنامەی خەڵکیان نییە.

سەبارەت بە کورد، لانی کەم بۆ ماوەی سەدە و نیوێک، ناسیۆنالیزم کاریگەرترین وەڵام بووە بۆ پرسیاری ناسسنامە و پەیوەندی لە جیهانێکی زەبەلاح و بەرفراواندا: ئێمە (ناسنامە) کێین (پەیوەندی). لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە، هەرێمی کوردستان زۆرجار بە شێوە دەوڵەتی دیفاکتۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرێت، لە چوارچێوەی شوناسی نەتەوەییدا. ئەم سەردەمە نوێیە بە گۆڕانکاری سیاسی دەناسرێتەوە، کە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە ناساندن لەگەڵ پێکهاتە سیاسی-کۆمەڵایەتییەکانی وەک هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1992 و دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان و داواکارییەکانی فیدراڵی و هاوپشتی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد. ڕەنگە ساڵانی نەوەدەکان بە پلەیەکی بەرزی ژیاندنەوە و پتەوکردنی ناسنامەی نەتەوەیی و سیاسی کورد بناسرێت. لەگەڵ ئەوەشدا ململانێی سیاسیی نێوان دوو حیزبە سەرەکییەکەی هەرێمی کوردستان ئەم ڕاستییەی خستە ژێر پرسیارەوە، کاتێک بووە هۆی لەتبوون و پارچە پارچەبوونی ناسنامەی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان.

بە ڕووخانی سەدام حوسێن و ڕژێمەکەی لە ساڵی 2003 سەردەمێکی مێژوویی دیکەی نوێ دەستیپێکرد، لە ململانێ و ژیاندنەوەی بیرۆکەی "ئێمە-کورد" و "ئەوان-عەرەب" و چۆنێتی ڕێکخستنی پەیوەندییەکانیان. ململانێکان ئاڵۆزو ناسەقامگیرن و شێوازی جیاوازی سیاسی و ئابوری تەنانەت سەربازیشی( بۆ نمونە پێکدادانی سەربازی هەردوولا لە ٢٠١٧/١٠/١٦) لەخۆگرتووە، بەتایبەت پەیوەست ناسنامەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی هەرێم وەک کەرکوک و شنگال.

## دووەم ـ دەروازەیەکی مێژوویی بۆ پرسی نەتەوە، ناسیۆنالیزم و دەوڵەتی نەتەوەیی

### ١ـ ناسیۆنالیزم

لە ڕوانگەی مێژووییەوە پێویستە ئاماژە بەو ڕاستییە بکرێت کە ناسیۆنالیزم وەک دیاردە و بیروباوەڕی سیاسی ( Political Doctrine) بۆ ٢٣٠-٢٤٠ ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، زۆربەی زۆری پسپۆڕانی ئەم بوارە دەیگەڕێننەوە بۆ کاتی سەرهەڵدانی شۆڕشی فەرەنسای ساڵی ١٧٨٩، بەڵام وەک نووسین و بابەتی لێکۆڵینەوە تەمەنی لە سەد ساڵ تێپەر نابێت و لە پەنجا ساڵی ڕابردووەوە وەک بابەتی ئەکادیمی فراوان گەشەی کردووە. چەمکی نەتەوە و ناسیۆنالیزم لەلایەن توێژەران، لە سەردەمە جیاجیاکاندا کەوتووەتە ژێر پێناسەی جۆراوجۆرەوە و شێوەی جیاوازیان وەرگرتووە. بەڵام ئەوەی لە هەموو حاڵەتەکاندا ڕوونە ئەوەیە کە ئەورووپا لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا شوێنی لەدایکبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمی

sjh@univsul.edu.iq

مۆدێرن بووە. بەپێی بۆچوونی کۆمەڵناسی ئەمریکی و پسپۆری بواری ناسیۆنالیزم ڕۆجەرز بروبەیکەر(١٩٨٩) مێژووی لەدایکبوونی نەتەوەیی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٧٩٢ و مردنە سیمبۆڵییەکەشی بۆ ساڵی١٩٩٢. ئەو "وای خەمڵاندووە کە کۆتایی سەدەی بیستەم دەبێتە گۆرستان بۆ ناسیۆنالیزم" (Brubaker, 1996: 1-10).

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە توێژینەوەکەی ڕۆجەرز بروبەیکەر لە مێژووی ئەم دواییانەی ناسیۆنالیزم لە ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا و ناوچەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو دەکۆڵێتەوە، کە چۆن نوێنەرایەتییە تایبەتەکانی نەتەوە وەک بەشێک لە پرۆسەی بنیاتنانی دەوڵەتی نەتەوەیی دامەزراوە. بەڵام ئێلی کیدۆری (١٩٢٦-١٩٩٢) وەک پسپۆری سیاسەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جەخت دەکاتەوە، کە "ناسیۆنالیزم بیروباوەڕێکە لە سەرەتاوە لە ئەورووپا لە سەدەی نۆزدەهەم داهێنراوە و دواتر هاتووەتە ناوچەی ڕۆژهەڵات" (Kedourie,1960: 9).

فەیلەسووفی پروسی – ئەڵمانی، یۆهان گۆتفرید هێردەر (١٧٤٤-١٨٠٣) یەکەم کەسە کە دەستەواژەی ناسیۆنالیزمی داڕشتووە لە ساڵی ١٧٧٢ لە "کتێبی بنچینەی زمان"، کە تیایدا جەخت لەسەر ڕۆڵی زمانی هاوبەش دەکاتەوە. هەروەها لە ساڵی ١٨٠٨ فەیلەسووفی بەناوبانگی ئەڵمانی یۆهان گۆتلیپ فیختە ( ١٧٦٢- ١٨١٤) لە چواردە سیمیناردا لە زانکۆی بەرلین بە ناوی (گوتار بۆ نەتەوەی ئەڵمان) دیسان جەخت لەسەر ڕەگەزە کلتوورییەکانی وەک زمان دەکات لە یەکخستنی نەتەوەی ئەڵمان. بەپێچەوانەوە، لەساڵی ١٨٨٢ بیرمەندی فەرەنسی ئێرنست ڕێنان (١٨٢٣- ١٨٩٢) چەند سیمنارێکی بە ناوی "نەتەوە چییە؟" لە زانکۆی سۆربۆن لە پاریس پێشکەشکرد، کە تیایدا جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە نەتەوە ڕۆحە و بە ئیرادەیەکی هاوبەش پێکەوە گرێدەدرێن، هەروەها باسی لەوە کردووە، کە نەتەوە تێگەیشتنێکی گرێبەستخوازانەیە کە دەرنجامی دوو شتی سەرەکین: یەکەمیان سامانی یادەوەریی هاوبەش (Common Memory) و دووەمیشیان ڕەزامەندییەکانی ئێستای تاکە نەتەوەپەرستەکەیە بۆی، واتە نەتەوە پەیوەست نیە بە ڕەگەزە کلتوورییەکانی وەک زمان و ڕەگەزی هاوبەش، بەڵکو ئیرادە گرنگە. لای ڕێنان یادەوەری هاوبەش و لەبیرکردنی ڕابردووی تاڵ و پڕ لە کێشەی شەڕ و تەنگو چەڵەمە زۆر گرنگە لە بنیادنانی نەتەوە، کە بوارێکی دەروونی گرنگ لای هاوڵاتییانی نەتەوەکە بەرهەم دێنێت.

ئێرنست گێلنەر (١٩٨٣) بەشێوەیەک لە شێوەکان ڕەخنە لەم دوو ئاراستەیە دەگرێت سەبارەت بە دروستبوونی نەتەوە، ئاماژە دەکات کە سەرەتا دوو ڕەگەزی کاریگەر بۆ بنیاتنانی تیۆری نەتەوەیی هەبوون کە بریتین لە کلتوور و ئیرادە؛ هەریەکەیان گرنگ و پەیوەندیدارن، بەڵام هیچ کام لەم دووانە لە دوورەوە گونجاو نین. ئەگەر ئیرادە بنەمای دروستبوونی نەتەوە بێت، ئەوا بنەمای گرووپی دیکەشە، کە بە هیچ شێوەیەک ناتوانین بەم بنەمایە نەتەوە پێناسە بکەین. هەروەها کلتوور بە هەمان شێوە ناتوانێت نەتەوە ڕوونبکاتەوە، هەرچەندە یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی نەتەوەیە، گرووپی جیاواز هەن کە کلتووری خۆیان هەیە، بەڵام ناتوانرێت وەک نەتەوە هەژمار بکرێن. هەربۆیە، نەتەوە تەنها وەک 'سەردەمی ناسیۆنالیزم' پێناسە دەکرێت. سەردەمی ناسیۆنالیزم کە لە دەرئەنجامی سەردەمی پیشەسازی/ مۆدێرنیتە سەریهەڵدا (Gellner,1983). لە ڕاستیدا گێلنەر ناسیۆنالیزم وەک بەشێکی هەمیشەیی ژیانی مرۆڤ دەبینێت ... کە تەنها لە ژێر هەندێک هەلومەرجی کۆمەڵایەتی پەرشوبڵاو زاڵدەبێت، ئەو زاڵبوونەش تەنیا لە جیهانی مۆدێرندا بەرجەستە دەبێت، نەک سەردەمێکی تر. بەپێچەوانەوە ئەنتۆی دی سمیس (١٩٨٦) تێروانینێکی دیکەی هەیە کەوا نەتەوە مۆدێرنەکان لە پەیوەندییە نەژادییە بنچینەییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، هاوڕایە و دەڵێت ناسیۆنالیزم وەک بزووتنەوە و ئایدیۆلۆژیا دیاردەیەکی مۆدێرنە، بەڵام تازە نییە و ڕەگی لە قوڵایی مێژوودایە (Smith, 1986:18) .

بەشێوەیەکی گشتی، لەڕووی نووسینی ئەکادیمییەوە، دەکرێت چوار قۆناغی سەرەتایی بۆ باس و لێکۆڵینەوە لەسەر پەرەسەندنی بواری ناسیۆنالیزم دەستنیشان بکرێت، **یەکەمیان:** کە بیرۆکەی نەتەوە و نەتەوەگەرایی هاتە ئاراوە، ئەوەش

خۆی لەنووسینەکانی بیرمەندانی هەردوو سەدەی هەژدە و نۆزدەی وەک ئیمانوئێل کانت، ژان ژاک ڕۆسۆ، هێردەر، فیختە، جۆن ستیوارت مێڵ، ئێرنست رینان، لۆرد ئاکتۆن، کارل مارکس، فریدریک ئەنگلس، ڤلادیمێر لینین، ڕۆزا لۆکسمبۆرگ، ئێمیل دۆرگهایم ، ماکس ڤەیبەر دەبینێتەوە. هەریەک لەم بیرمەندانانە لە دید و فەلسەفەی جیاوازەوە باسیان لە دروستبوونی نەتەوە و دەوڵەت کردووە.

**قۆناغی دووەم:** لە نێوان ساڵانی ١٩١٨-١٩٤٥، بەتایبەتی دووای شەڕی یەکەمی جیهانی، کە لە کارە پێشەنگەکانی مێژوونوسانی ئینگلەند و ئەمریکی وەک کارلتۆن هیز، هانز کۆهێن، ئیدوارد هالێت کار، لویس سنایدەر و ئەلفرێد کۆبان بەدیاردەکەوێت، کە بابەتی ناسیۆنالیزم بووە بە بابەتی بواری لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی ئەکادیمییانە، پێیانوابوو کە دەبێت مامەڵەکردن لەگەڵ ناسیۆنالیزم وەک دیاردەیەکی مێژوویی و سەردەمییانە کاری لەسەر بکرێت و لێکبدرێتەوە، جەختیشیان لەسەر تازەگەری مێژوویی ناسیۆنالیزم کردووەتەوە و هەوڵی دۆزینەوە و شرۆڤەکردنی هەلومەرجە پێکهاتەییەکانی لەدایکبوونیان داوە.

**قۆناغی سێیەم:** ساڵانی نێوان ١٩٤٥-١٩٨٩، کۆتایی شەڕی دووەمی جیهانی، سەرەتایەکی نوێ بوو لە بواری توێژینەوە و شرۆڤەکردنی ناسیۆنالیزم. ئەزموونی ڕزگاربوون لە کۆلۆنیالیزم، هاوکات لەگەڵ پەرەسەندن و پێشکەوتنی گشتی لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان، دەستپێکی چڕترین و پربەرهەمترین سەردەمی توێژینەوە و تیۆردانانە لەسەر بابەتی ناسیۆنالیزم، بەتایبەتی لەژێر کاریگەری تیۆرییەکانی نوێگەرایی- مۆدێرنیزم کە بەسەر زانستە کۆمەڵایەتییەکانی ئەمریکادا زاڵبوون. بەتایبەت لە شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی بیستەم لە نووسینەکان و بۆچوونی ئەکادیمیستەکانی تیۆری مۆدێرنیتە بەدیاردەکەوێت؛ کۆمەڵناسی ئەمریکی دانیاڵ لێرنەر(١٩١٧-١٩٨٠) لە کتێبە بەناوبانگەکەی بەناونیشانی (مردنی کۆمەڵگایەکی نەریتی: بەمۆدێرنکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست - ١٩٥٨)، زانای سیاسەتی چیکی– ئەمریکی کارڵ دۆیچ (١٩١٢- ١٩٩٢) لە کتێبە بەناوبانگەکەی بەناونیشانی 'ناسیۆنالیزم و پەیوەندی کۆمەڵایەتی: لێپرسینەوەیەک لە بنەماکانی نەتەوایەتی'، ئیلی کدووری کە بە بەناوبانگترین پسپۆڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناسرابوو لە کتێبەکەی بەناونیشانی 'ناسیۆنالیزم- ١٩٦٠'، و ئێرنست گێلنەر لە کتێبی 'بیر و گۆڕانکاری- ١٩٦٤' بابەتی ناسیۆنالیزم چڕترو هەمەجۆرتر شرۆڤە کراوە. هەروەها هەر لە حەفتاکانی سەدەی بیستەم شەپۆلێکی نوێی بایەخدان بە ناسیۆنالیزم گەشەیکرد، کە ڕۆڵی توێژەرانی نیومارکسیستەکانی وەک مایکڵ هێکتەر و تۆم نەیرن زۆر گرنگ بوو. ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٧٤ یەکەم گۆڤاری ئەکادیمی تایبەت بە ناسیۆنالیزم و ئەدەبیاتی نەتەوە و شوناسی نەتەوەیی لە زانکۆی لەندەن دەرکرا.

**قۆناغی چوارەم:** لە ساڵی ١٩٨٩ تاکو ئێستا لەخۆی دەگرێت. بەڵام لە واقیعدا ناسیۆنالیزم لە سەرەتای هەشتاکانەوە بزوتنەوەیەکی گەورەی بەخۆوە بینی، مشتومڕی ئەکادیمی دەربارەی دەوڵەتی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزم بوو بە بابەتی سەرەکی ناوەندە ئەکادیمیی و زانکۆ ڕۆژئاواییەکان، ئەوەش دوای چاپکردنی کتێبەکەی جۆن ئارمسترۆنگ بەناونیشانی 'نەتەوەکانی بەر لە ناسیۆنالیزم' ساڵی ١٩٨٢، هەروەها کتێبەکەی جۆن برۆلی کە لە هەمان ساڵ بەناونیسانی 'ناسیۆنالیزم و دەوڵەت' چاپ کراوە و لە ساڵی ١٩٨٣ یش هەر سێ کتێبە ناوازەکانی لێکۆڵەران و پسپۆرانی بەناوبانگ، بێنیدێکت ئەندرسۆن بەناونیشانی 'گرووپە خەیاڵییەکان' و ئێرنێست گێلنەر بەناونیشانی 'نەتەوەکان و ناسیۆنالیزم' و ئێریک هۆبسباوم و تێرێنس ڕەینجەر بەناونیشانی 'داهێنانی نەریت'، هەروها کتێبی ئەنتۆنی سمیس بەناونیشانی 'بنچینەی نەژادیی نەتەوەکان' کە لە ساڵی ١٩٨٦ چاپ کراوە. لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ململانێی نە تە وە یی و نە ژادییەکان لە زۆربە ی شوێنەکانی جیهان دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٩١و کۆتایی جەنگی سارد، بواری ناسیۆنالیزم زیاتر لە پێشوو لەلایەن مامۆستایانی ئەکادیمیست لە زانکۆکانی ڕۆژئاوا گرنگی پێدرا (Aziz, 2015: 27-43) (أوزكيريملي، ٢٠١٣: ٣٧و ٧٠).

بەگشتی دەکرێت سەدەی بیستەم بە سەدەی گەشەکردنی ناسیۆنالیزم و ململانێ ئەتنیکی و نەتەوەییەکان، چ وەک سیاسەت و پراکتیک، چ وەک نوسینی ئەکادیمی ناوزەد بکرێت، کە ڕۆڵی هەبووە لە ململانێ نێودەوڵەتییەکان و نەزمی سیاسی جیهانیدا.

**٢- دروستبوونی دەوڵەت و نەتەوە لە جیهانی نوێدا**

ناسیۆنالیزم یەکێک لە گرنگترین بزووتنەوە سیاسییەکانی مۆدێرنە کە سیستەمی نێودەوڵەتی مۆدێرنی پێکهێناوە. لە سەدەی هەژدەوە هۆکاری سەرەکی گۆڕانی ئیمپراتۆریەتەکانی شاهانە و کۆلۆنیالیزم بووە بۆ دەوڵەتی نوێ (Wimmer & Feinstein,2010: 764) لە ماوەی دووسەد ساڵی ڕابردوودا، زیاتر لە سەد و چل دەوڵەتی نوێ دروستبوون، کە هەموویان شێوەی دەوڵەتی نەتەوەییان وەرگرتووە. ژمارەی وڵاتان لە ماوەی ئەو دووسەد ساڵەی ڕابردوودا هەشت ئەوەندە زیادیان کردووە. مێژوو پێمان دەڵێت، کە لە ئەمریکای باکوور، ئەمریکییەکان لە ساڵی ١٧٧٦ دەسەڵاتی شاهانەی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیایان ڕەتکردەوە و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایان ڕاگەیاند، کە شێوەی نەتەوەیەکی سەربەخۆی وەرگرت. بەهەمان شێوە لە ئەوروپا، شۆڕشی فەرەنسی لە ساڵی ١٧٨٩ لەسەر بنەمای بیرۆکەی ناسیۆنالیزم، کۆماریخوازی و ئازادی دامەزرا. هەردوو شۆڕشەکە، نەتەوەیان وەک سەروەرێکی شەرعی دەبینی بەپێچەوانەی ئەو ڕژێمە پاشایەتییانەی کە تا ئەو کات زاڵبوون. بەدوایدا بزووتنەوەی سەربەخۆیی لە ئەمریکای لاتین لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم لە دژی ئیمپراتۆریەتەکانی پورتوگال و ئیسپانیا دەستیپێکرد، کە بووە هۆی دروستبوونی کۆمەڵێك دەوڵەتی نەتەوەیی نوێ. لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا ئەوروپا چەندین یاخیبوونی ناسیونالیستی بەخۆیەوە بینی، بەڵام تەنیا بەلجیکا و یۆنان سەربەخۆییان بەدەستهێنا و دواتریش لە نیوەی دووەمی هەمان سەدە یەکێتی ئەڵمانیا و ئیتالیا بەدەستهات ( Barkin and Cronin, 1994: 119). لەسەدەی بیستەم و دووای شەڕی یەکەمی جیهانی، هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتی هابسبورگ، ڕووسیا و عوسمانی، بووەهۆی دروستبوونی دەوڵەتی نوێ لەسەر بنەمای نەتەوەیی. لە ماوەی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، نەتەوەکان بەزۆری دژایەتی ئیمپراتۆریەتێکی فرەڕەگەزی دەکەن بۆئەوەی خۆیان لە کێبڕکێ لەسەر خاکی یەکتر دوور بخەنەوە ( Brown, Nardin, and Rengger, 2002:476). هەتا ساڵی ١٩٦٠ کۆی گشتی وڵاتانی جیهان گەیشتە نزیکەی ١٤٣ دەوڵەت. لە دوای ساڵی ١٩٩٠، بەتایبەت دوای ڕووخانی بلۆکی سۆشیالیستی و یەکێتی سۆڤیەت، دەوڵەتی نوێ لە دەوڵەتە کۆمۆنیستەکانی پێشووی بالکان، قەوقاز، ئاسیای ناوەڕاست و بەشەکانی تری جیهان سەریانهەڵدا. ئەمڕۆ ١٩٣ دەوڵەت لە نەتەوەیەکگرتووەکاندا دانیانپێدانراوە.

**سێیەم - باکگراوندی تیۆری و شرۆڤەکردنی چەمکە سەرەکییەکان**

**١-چەمکی نەتەوە و ناسیۆنالیزم**

وەک لە پێشتر ئاماژەی بۆ کراوە، ژمارەیەکی زۆر لە شارەزایانی سیاسی بواری نەتەوە و ناسیۆنالیزم لە روانگە ی جیاواز و لە ئەدەبیاتی جیاوازەوە شرۆڤەی ناسیۆنالیزم و نەتەوەیان کردووە، هەریەکەیان تاڕادەیەک لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ مانای چەمکی نەتەوە کردووە (Watson,1977:1). بەپێی بۆچوونی بینیدێکت ئەندرسۆن (١٩٣٦- ٢٠١٥) پێناسەیەکی یەکلاکەرەوە و روون بۆ چەمکی نەتەوە نییە و شیکردنەوەشی مشتومڕێکی درێژخایەن و گران لەخۆدەگرێت ( Anderson, 2006:3). یەکێک لە پێناسە هەرە بەربڵاوەکان، پێناسەی جۆرج سیتۆن واتسۆنە (١٩١٦-١٩٨٤) کە تیایدا دەڵێت: "نەتەوە، کۆمەڵگەیەکە لە خەڵک کە ئەندامەکانیان بە هەستی هاوپشتی، کلتوورێکی هاوبەش و هۆشیاری نەتەوەیی پێکەوە بەستراون". هەروەک نەتەوە، بەپێی پێناسەی کۆمەڵناسی بەریتانی و پسپۆری ناسیۆنالیزم ئەنتۆنی دی سمیس (١٩٣٩-٢٠١٦) بریتیە لە "هەر دانیشتوانی ناوچەیەکی ناونراو کە مێژوویی هاوبەشیان هەبێت، ئەفسانەی هاوبەش و مێژوویی یادەوەری، جەماوەری، کەلتووری گشتی، ئابووری هاوبەشیان هەبێت لەگەڵ مافە یاساییە هاوبەشەکان و ئەرکەکان بۆ هەموو ئەندامان" (Smith, 1991: 14)، بەڵام بێنێدیکت ئەندرسۆن لە کتێبە کاریگەرەکەی نەتەوە وەک شوناسێکی خەیاڵی شرۆڤە دەکات، کە تیایدا دەڵێت: "نەتەوە کۆمەڵگەیەکی سیاسی خەیاڵاوییە، چونکە ئەندامانی تەنانەت بچووکترین نەتەوەش هەرگیز زۆرینەی ئەندامەکانیان نە یەکتر دەبینن و نە یەکتر دەناسن و نە گوێشیان لە یەکتر بووە، بەڵام لە مێشکیاندا بۆ هەریەکەیان وێنەی هاوبەش هەیە"(Anderson, 199: 6).

کۆمەڵناسی ئەمریکی لیا گرینفێڵد (١٩٩٢) لەچوارچێوەی کۆمەڵناسی مێژووییەوە لە شیکردنەوە و روونکردنەوەی چەمکی ناسیۆنالیزمدا دەڵێت: "ئەم چەمکە چەمکێکی بە رواڵەت "شل و ناروونە"ە، واتە چەمکێکە کە بە ئاسانی لەقاڵبنادرێت". ناسیۆنالیزم بەرای گرینفێڵد بزووتنەوە و دۆخێکی هزرییە کە ناسنامەی نەتەوەیی و هۆشیاری کۆمەڵەکان بەیەکەوە کۆدەکاتەوە. گۆڕانێکی گەورەی لە سیستەمی کۆنەوە بۆ مۆدێرنیتە ئەنجامداوە، خەیاڵی، لە سەروو بەرهەمهێنان و دابەشکردن و ئاڵوگۆڕەوە دانا. سروشتی دەسەڵاتی بەسەر خەڵک و ناوچەکاندا گۆڕی کە جیهانی کۆمەڵایەتی و سیاسی پێکدەهێنێت و ئاراستە دەکات. گرینفێڵد پێشنیازی ئەوە دەکات کە ئینگلتەرا لە پێشەوە بووە بە سەرەتاترین شوێنی هەستی ناسیۆنالیزمی هۆشیارانە و رێگا پراگماتییەکانی؛ دامەزراوەکانی بەکارهێناوە بۆ گۆڕینی سیستەمە سیاسییەکەی خۆی. ئەمریکییەکان بەدوایاندا هاتن، بەبێ ئەوەی هیچ دامەزراوەیەک رێگرییان لێ بکات. فەرەنسا، ئەڵمانیا و رووسیا هەمان رێچکەیان گرتەبەر. ئەو دەڵێت؛ گرنگی ناسیۆنالیزم، ئەوەی کە وادادەنێت کە "پرسی نەتەوەیی لە جۆرەکانی تری ناسنامە" جیادەکاتەوە، لەو راستییەوە گەشە ئەکات کە ناسیۆنالیزم بناغەی "تاک" لەناو "گەلێک"دا دادەنێت، گەلیش لەم نێوەندە دواتر وەک خاوەنی "سەروەری" دەناسرێت وەک ئۆبژەی سەرەکی وەفاداری و بنەمای هاودەنگی بە کۆمەڵ Greenfeld,1992: (3-6).

بەرای مێژوونووسی ئەڵمانی پیتەر ئەڵتەر (١٩٨٩) چەمکی "نەتەوە" پەیوەندی بە "نەژادەوە" هەیە، پێیوایە دەستەواژەی "نەتەوە" ئەفسانەیەکی هاوبەشی هەیە، کە لە نەوەیەک بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە و دەگێردرێتەوە. مەرجی نەتەوە بریتیە لەوەی کە نەوە بە نەوە مێژوویەکی هاوبەشیان هەبێت، کەلتوورێکی دیاریکراو، بە کگرتوویە ک لە خاکێکی هاوبەش و لە لایەن کۆمە ڵێک کەسانەوە کە هەستی هاوپشتیی و سۆزگەرایی کۆیاندەکاتەوە (Alter, 1989: 7). کەواتە دەکرێت بڵێین، ناسیۆنالیزم کۆمەڵێک لەو باوەڕو بنەمایانەیە کە هەستی پەیوەستبوون بەرانبەر کۆمەڵگایەکی سیاسی دێنێتەکایەوە. لەسەر ئەو پرەنسیپە کە پێیوایە یەکەی سیاسی و نەتەوەیی دەبێت هاوکۆک بن (Gellner, 1983)، بەڵام پێناسەکەی مێژوونووس و

ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنسی ئێرنست ڕێنان (١٨٢٣-١٨٩٢) لێرەدا گرنگە کە دەڵێ " نەتەوە ڕۆحە، بنەمایەکی ڕۆحییە. ئەم بنەما ڕۆحییە پەیوەستە بە دوو شت، یەکێکیان ڕابردووە، ئەوی تریان ئێستایە. یەکێکیان خاوەندارێتی هاوبەشی میراتی دەوڵەمەند لە یادەوەرییەکانە، ئەوی تریان ڕەزامەندی ئێستایە، ئارەزووی پێکەوەژیان، ئارەزووی بەردەوامبوون لە وەبەرهێنان لە ئەو کەلەپوورانەی کە بەیەکەوە وەرمان گرتووە". ڕێنان پێیوایە نەتەوە ڕیفراندۆمێکی ڕۆژانەیە (A Daily Plebiscite). ئەم لێدوانە جۆرێک لە متمانە بەخۆبوونی سایکۆلۆژی دامەزراندووە، کە بووە دەروازەیەک بۆ پێکهاتەیەکی تری نەتەوەیی، کە هۆشیاری نەتەوەییە، کە پەیوەندی لە نێوان تاکەکانی نەتەوە لە کۆیادەوەری هاوبەشدا دروست دەکات (Renan, 1992).

لەڕاستیدا ئەفسانە و واقیع لە توێژینەوەی ناسیۆنالیزمدا زۆر مشتومڕیان لەسەرە کە وەک ئامرازی بنیاتنانی فۆرمی سیاسی مۆدێرنی نەتەوە خزمەت دەکات. ئێرنست گێلنەر دەڵێت: "ناسیۆنالیزم، بەئاگاهێنانەوەی نەتەوەکان نیە، بەڵکو نەتەوەکان دادەهێنێت لەو شوێنەی کە بوونیان نییە" (Gellner 1964: 168). دەتوانرێت دەستەواژەی نەتەوە بە دوو شێوازی پێکەوە بەستراو تێبگەین، چونکە مانای دەوڵەتی نەتەوەیی، هەروەها ئەو خەڵکانەی کە لەناو دەوڵەتدا دەژین هەڵدەگرێت، کە پەیوەندی نێوان ئەم دوو شێوازە ئایدیۆلۆژیای گشتی ناسیۆنالیزم دەردەخات، کە لەسەر بنەمایەکی بەربڵاو دامەزراوە (Billig, 1995: 24).

لەنێو ئەدەبیاتی ئەم بوارە دەوڵەمەندە مشتومڕێکی ئەکادیمیستانەی بەرفراوان لە نێوان ("پرایمۆردیالیزم- ڕەسەنگەرایی"، پرینیالیزم -هەمیشەیی، مۆدێرنیزم- نوێگەرایی" ئیتنۆسیمبۆلیزم – هێماگەری نەژادی) لەسەر بنچینەی نەتەوەکان هاتە بەرباس و لێکۆڵینەوە. هەر سێ بۆچوونی "پرایمۆردیالیزم و پرینیالیزم و ئیتنۆسیمبۆلیزم" ئاراستەی کۆتایی جۆراوجۆرن لە یەک بۆچوون کە بەشێوەیەکی بنەڕەتی جەخت لەوە دەکاتەوە نەتەوەکان پێشوەخت ناوکێکی بنەڕەتییان هەیە. جیاوازی نێوان ئەو سێ بۆچوونە دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتی جەختکردن و گرنگیدان بەم ناوکە سەرەکییە، کە ڕێک ئەتنیک وەک جەوهەرێکی سەرەکی نەتەوە هەژمار دەکەن. بەپێچەوانەوە بنەما سەرەکییەکانی مۆدێرنیزم ئەوەیە کە سەیری نەتەوە و ناسیۆنالیزم دەکات تەنیا وەک دیاردەیەکی مۆدێرن، کە لە ماوەی دوو سەدەی ڕابردوودا سەریانهەڵداوە و ئەو نەتەوانە هیچ بوونێکی پێشینەیان نەبووە.

بەکورتی، بیرۆکەکە ئەوەیە کە ناسیۆنالیزم نەتەوەکانی بنیاتناوە. مۆدێرنیتە نەتەوە و ناسیۆنالیزم وەک دیاردەیەک دەبینێت کە پشت بە هەلومەرجی مێژوویی و سیاسی و ئابووری دەبەستێت. ئەم بۆچوونە چەندین گۆڕاوی هەیە کە جەخت لەسەر لایەنە جیاوازەکانی مۆدێرنیتە دەکەنەوە، وەک پیشەسازی و سەرمایەداری، سەرمایەداری چاپەمەنی و دەوڵەت و دامەزراوە سیاسییەکانی. ئەم بۆچوونە دواتر لەلایەن جۆن برۆولی وئێرنست گلینەر، بێنێدیکت ئەندرسن، ئێریک هۆبسباوم و ڕانجەر و دووپات دەکرێتەوە (أوزكيريملي، ٢٠١٣).

لەلایەکی دیکەوە، پرایمۆردیالیزم و پرینیالیزم بانگەشەی ئەوە دەکەن کە نەتەوەکان پێش سەردەمی مۆدێرن بوونیان هەبووە و دابەشکردنەکە بەسەر دەوڵەتەکاندا دراوە و ناوەڕۆکی نەتەوەکانیان لەڕووی مێژووییەوە جێگیرە. پرایمۆردیالیزم نەتەوەکان بە سروشتی و پێدراو دەبینن، لەکاتێکدا پرینیالیزم نەتەوەکان وەک کۆمەڵگایەک کە هەمیشە بەشێوەی جۆراوجۆر لە سەرانسەری مرۆڤایەتیدا بوونیان هەبووە دەبینن. بەهەمان شێوە ئەنتۆنی دی سمیس، لایەنگری سەرەکی ئەم بۆچونەیە و جەخت لەوە دەکاتەوە، کە نەتەوەی مۆدێرن بنچینەیەکی پێش مۆدێرن و هەمیشەیی هەیە لە شێوەی ئیتنیک و پاشکۆی ناوچەیی. سمیس دەڵێت: "ئیتنی کۆمەڵگەیەکی هاوبەشە لە ئەفسانەکان و یادەوەرییەکان و شەش تایبەتمەندی سەرەکی بۆ ئیتنی هەیە، کە بریتین لە؛ ناوێکی کۆیادی گونجاوی کۆمەڵایەتی، ئەفسانەیەکی بنەچەی هاوبەش، یادەوەری مێژوویی هاوبەش،

sjh@univsul.edu.iq

یەک یان زیاتر جیاوازی توخمەکانی کەلتوور، پەیوەست بوون بە نیشتیمانێکی دیاریکراو، هەستی هاوسۆزی بۆ بەشێکی گرنگی دانیشتوان"(Smith, 1991:40). لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی زۆری لێکۆڵەران و توێژەرانی ئەم بوارە، ناسیۆنالیزم وەک دیاردەیەکی مۆدێرن لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبینن.

**٢- چەمکی ناسنامەی نەتەوەیی**

یەکێک لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی ناسیۆنالیزم توانای چەسپاندنی ناسنامە بەسەر هەر تاکێکدا بووە. وەک ئێرنست گێلنەر تێبینی کردووە، سەرکەوتنی ناسیۆنالیزم لەم بوارەدا ئەوەندە بووە کە هەموومان گەیشتووینەتە ئەو ڕاوبۆچوونەی کە دەڵێت: ئەو کەسەی بێ نەتەوەیە، تووشی کەموکوڕییەکی زۆر بووە. بەواتایەکی دی، بۆ تاکێک کە بێ نەتەوە بێت، یان بێ کەسایەتییەکی نەتەوەیی بێت، بە ڕۆحێکی ونبوو دادەنرێت، تەنانەت ناکەسێکە. ناسنامە ئاماژە بە هەستی تاک بە خودی خۆی دەکات کە لە کارلێکەکانەوە گەشە دەکات و لە کارلێکەکاندا دەردەکەوێت، وادەکات ژیان پێشبینیکراو و مانادار بێت (Gellner, 1983: 6). چەمکی ناسنامەی نەتەوەیی لە چەمکی نەتەوە و تێگەیشتن لە ناسیۆنالیزمەوە هاتووەتە کایەوە. هەڵبەتە ئەوە پابەندە بە چۆنیەتی پێناسەکردنی نەتەوە و کاردانەوەی بۆ چەمکی نەتەوەیی. ناسیۆنالیزم دەتوانێ ببێت بە میکانیزمێکی ئەڕێنی کە وڵات دەخاتە ئاستێک کە لە سەرووی هەموو پاشکۆ کۆمەڵایەتییەکانەوەیە، بەجۆرێک تاک بەدوای زانیاریی نەتەوەیی خۆیدا دەگەڕێت.

ناسنامەی نەتەوەیی شێوازێکی تایبەتی شوناسی کۆمەڵایەتییە کە تێیدا سەرەڕای نەبوونی پەیوەندی جەستەیی ڕۆتینیان، خەڵک خۆیان بە پێکەوە بەستراو دەزانن، چونکە بە زمانێک یان دیالێکتێکی زمانێکی هاوبەش قسە دەکەن، نیشتەجێ دەبن یان لە نزیکەوە ئاشنای ناوچەیەکی دیاریکراون و سیستەمی ژینگەپارێزی بە هەندێک سۆزەوە ئەزموون دەکەن. لەبەرئەوەی ئەوان نەریتی جۆراوجۆریان هەیە، لەوانە پێوانەی یادەوەرییەکانی ڕابردووی مێژوویی، کە لە ئەنجامدا لەکاتی ئێستادا وەک شانازی بە دەستکەوتەکانی نەتەوە ئەزموون دەکرێت و لەکاتی پێویستدا، ناچارن لە شکستەکانی نەتەوە هەست بە شەرم بکەن (Aziz, 2015: 24). بەگوێرەی دەروونناسی کۆمەڵایەتی مایکل بیلیگ (١٩٩٥) ناسنامەی نەتەوەیی چەمکێکی کۆمەڵایەتییە کە لە خوو، باوەڕ و ڕەفتارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا پێکهاتووە، لەگەڵ پێکهاتەیەکی سۆزداری بەهێز. لەوەش زیاتر ناسنامە شتێک نییە، وەسفێکە بۆ شێوازی قسەکردن دەربارەی خود و کۆمەڵگە، بەم پێیە، لە بۆشاییەکی کۆمەڵایەتیدا گەشە ناکات، بەڵکو لە پەیوەندی لەگەڵ شێوە ئاشکراکانی بووندا گەشە دەکات، "ناسنامە شێوازێکە لە ژیان"(69 & 60. Billig, 1995: 24,). لەگەڵ ئەوەشدا بیلیگ مامەڵە لەگەڵ ناسنامەی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزم دەکات لە ڕوانگەی قوتابخانەی ڕەفتاری سایکۆلۆژی کە ئێمە هەوڵدەدەین لەم توێژینەوەیەدا لێی دووربکەوینەوە. ناسنامەی نەتەوەیی وەک شتێک سەیر ناکرێت کە هەیە، بەڵکو شتێک کە دروستکراوە. ناسنامەی نەتەوەیی بەم مانایە لە گۆڕانکارییەکی بەردەوامە. هیچ ناسنامەیەکی نەتەوەیی نییە کە گۆڕانکاری بەخۆوە نەبینیبێت، هەروەک چۆن هیچ کلتوورێک نییە لە مێژوودا دەستی لێنەدرابێت.

لەبەرئەوەی ناسنامە دیاردەیەکی سەرەکی و بنەڕەتییە لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤدا، ئەدەبیاتێکی زۆر لە ئارادایە لەگەڵ چەندین تیۆری کۆمەڵایەتی و دەروونی کە باس لە پرسی چۆنیەتی دروستکردنی ناسنامە دەکەن. بەگشتی، بانگەشەی تیۆریی ناوەندی دەربارەی چەمکی ناسنامە کە ئەم توێژینەوەیە دەیخاتە ڕوو ئەوەیە کە ناسنامە لە بنەڕەتدا نییە، بەڵکو لە پرۆسەیەکی بەردەوامی گۆڕاندایە. توێژینەوەکە ناسنامەی نەتەوەیی و ئەتنیکی وەک پێکهاتە و کۆمەڵ و سیاسەت دادەنێت. هەروەها ناسنامە جێگیر نییە، بەڵکو ڕەوشە و پەیوەندییە، چونکە تاکەکان بەردەوام لە گۆڕاندان بە درێژایی ژیانیان. بیروڕای مۆدێرن دەربارەی ناسنامە، بە سروشتی خۆیەوە بەشێوەیەکی قووڵ پەیوەستە بە ئەزموونەکانی تاک لە ڕێگەی پەیوەندییە

کۆمەڵایەتییەکانەوە. ئەم بۆچوونە نوێیە بۆ ناسنامە بەشێوەیەکی بەرچاو بەرەو کاتی و کارکردن دەڕوات، بەگوێرەی سمیس، "خۆ- تاک پێکهاتووە لە چەندین شوناس و ڕۆڵ، خێزانی، ناوچەیی، چینایەتی، ئایینی، ڕەگەزی و ئەتنیکی" (Smith, 1991: 4-7).هەر بۆیە لێرەدا جەخت لە فرە ناسنامە و جیاوازییەکان دەکرێتەوە نەک لە یەک ناسنامە؛ بەواتایەکی تر، ناسنامە، ناسنامە دەناسێت لە ڕێگەی دیاریکردنی جیاوازییەکانەوە، چونکە ناسنامە لەڕاستیدا لەسەر جیاوازییەکان دروستکراوە.

فاکتەرگەلێکی جیاواز لە پەرەسەندنی ناسنامەی کورددا هەبوون. دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی لە ناوچەکەدا وایکرد کورد دابەشبکرێت بۆ چوار ناوچە، پرۆسەیەک کە مەرجەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کلتوری جیاوازیشی بەسەردا سەپاند. هەربۆیە لەکاتێکدا کە کوردبوون بە بنەچە گرنگە، بەندە بە گۆڕانی ناوچەی سیاسییەوە، کە چۆنێتی پێکهێنانی شوناسی کوردی لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازە. ئەمە بەدڵنیاییەوە ڕێگە نادات بە بوونی ناسنامەیەکی کوردستانیی جێگیر و جەوهەری. ڕێگای جۆراوجۆر بۆ پێناسەکردنی ناسنامەی کوردی هەیە و فاکتەرە جۆراوجۆرەکانیش کاریگەرییان لەسەر دروستکردنی ئەو ناسنامە هەیە. لەم توێژینەوەیەدا، ئارگۆمێنتەکان لەسەر ناسنامەی کوردی تەنها لەسەر هەرێمی کوردستان چڕدەبێتەوە، چونکە ناسنامە لە ئەنجامی کارلێک لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا پێکدێت.

### سێیەم- ناسنامەی نەتەوەیی کوردی و پرسی ناسیۆنالیزم لە هەرێمی کوردستان

#### ١- کوردو ناسیۆنالیزم

ناسیۆنالیزم لە دونیای کورددا دیاردەیەکی زۆر کۆن نییە، بەڵکو لە نزیکەوە پەیوەندی بە بنیاتنانی دەوڵەتی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ماوەی نێوان شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی هەیە. سیستەمی دەوڵەتی هاوچەرخ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەرچاوەی خۆی لە پێناسەی سنوور و دابەشکردنەکان هەیە. سەبارەت بەنەتەوەگەرایی کوردی، کە نوێنەری کلتووری کۆنی خۆیەتی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم لەچوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا وەک کاردانەوە لە بەرانبەر بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی تورک دەرکەوت، دواتریش لە هەر ناوچەیەکی کوردستان بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردی گەشەی کردووە. هەرچەندە کۆمەڵێک ڕواڵەتی لێکچوو و ئامانجی هاوبەشی خۆی هەیە بۆ پتەوکردنی شوناسی نەتەوەیی، بەڵام لەهەمانکاتیشدا لە هەر بەشێک لە بەشەکانی کوردستاندا بەجۆرێک تایبەتمەندی ڕەوشی خۆی وەرگرتووە کە ناتوانرێت بوترێت یەک جۆر و بۆ یەک مەبەست نەتەوەگەرایی کوردیمان هەیە. دەکرێت بڵێین، کە بزووتنەوەی نەتەوەخوازی کوردی لاوازمان هەیە، نەک نەتەوەگەراییەکی کوردستانی بەهێز و یەکگرتوو. پێکهاتەکانی شوناسی نەتەوەیی کورد بەهۆی هەردوو هۆکارەکانی ناوخۆیی و دەرەکییەوە بە قووڵی ڕووبەڕووی پارچە پارچەبوون بووەتەوە.

بەشێکی زۆر لە نووسەران و ئەدیبانی کورد، سەرەتای دروستبوونی ناسیۆنالیزمی کوردی دەگەڕێننەوە بۆ سەدەی حەڤدەیەم و سەروەختی ئەحمەدی خانی (١٦٥٠-١٧٠٦)، بەوپێیەی لە شیعرەکانیدا، ئاماژەکانی نەتەوەگەرایی بە ئاشکرا دیارن. خانی باس لە ناسۆر و داخی خۆی دەکات بەرانبەر بە پەرتەوازەیی و دووبەرەکی کورد و ژێردەستەیی بەرانبەر دەسەڵاتەکانی عوسمانی و سەفەوی. هانی کورد دەدات کە بیرێک لە دروستکردنی کیانی خۆیان بکەنەوە و بوونی خۆیان بسەلمێنن. هەربۆیە ئاوات بە هەبوونی پاشایەکی بەهێزی کورد بۆ یەکخستنی کورد دەخوازێت.

گەر دێ هەبوا مە ئیتیفاقەک    ڤێکرا بکرا مە ئینقیادەک

sjh@univsul.edu.iq

ڕۆم وعەرەب و عەجەم تەمامی     حەمیان ژ مە ڕا دکر غولامی
تکمیل دکر مە دین و دەولەت     تەحسیل دکر مە عیلم و حیکمەت

هەروەها شیعرەکانی خۆی بە کوردی نووسیوە، کە بە وەرچەرخانێکی گەورە بۆ ئەو سەردەمە دەژمێردرێت، لەکاتێکدا زمانی فارسی و پاشان تورکی بەربڵاو بوون (ڤان براونێس، ٢٠١٧)، (Aziz, 2015: 55). هەرچەندە لە سەردەمەکانی ڕابردووش شاعیرانی دیکەی وەک بابا تاهیری هەمەدانی و مەلای جزیری ... هتد شیعرەکانیان بە کوردی نووسیوە، بەڵام دواتر لە سەردەمانی بەهێزبوونی ئیمبراتۆریەتەکانی عوسمانی و سەفەوی زمانی کوردی پاشەکشەی کردووە و شاعیرانی کورد زیاتر بە زمانی فارسی شیعرەکانیان نوسیوە.

لەکاتێکدا لەو سەردەمەدا ناسیۆنالیزم وەک چەمک و وەک پراکتیک تەنانەت لە ئەورووپاش گەشەی نەکردبوو، هەربۆیە کەسێکی وەک د.عەباس وەلی سەرباری ئەوەی دەقی (مەم و زین) بە گرنگ دەزانێت لە پرۆسەی گەشەکردنی هوشیاری کورد، ئەم شیعر و هەستە نەتەوەییانەی ئەحمەدی خانی هەروەک ناسۆر و هەستی سۆزداری دەبینێت، نەک ناسیۆنالیزم وەک فکر و پرۆژە، چونکە لەو سەردەمەدا هێشتا هەلومەرجی توانای ناسیۆنالیزم لە ناوچەکەدا بوونی نەبووە (وەلی، ٢٠٠٨). واتە گرووپە ئەتنیکییەکان خۆیان وەک نەتەوە پێناسە نەدەکرد.

لە دوای ئەحمەدی خانی، حاجی قادری کۆیی (١٨١٧-١٨٩٧)، دووەم کەسە کە لەژێر کاریگەری شیعرەکانی ئەحمەدی خانی و خەمەکانی ڕۆژگاری لەناوچوونی میرنشینە کوردەکان، هەستی نەتەوەیی لە شیعرەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە، هەروەک ئەمیش شیعرەکانی بە زمانی کوردی نووسیوە؛

حاکم و میرەکانی کوردستان     هەر لە بۆتانەوە هەتا بابان
یەک بە یەک حافیزی شەریعەت بوون     سەییدی قەوم و شێخی میللەت بوون
سەیید و شێخەکان لە ترسی ئەوان     مونزەوی بوون و زاکیری ڕەحمان
هەر کە فەوتان ڕیای ئەوان دەرکەوت     سەیری چۆن بوونە پووش و ئاگر و نەوت
یەکێ لەملاوە ڕوودەکاتە عەجەم     دوو لە ئەولاوە دەبنە دوژمنی هەم

میقداد مەدحەت بەدرخان یەک لە قوتابییەکانی حاجی قادر بووە، یەکەم ڕۆژنامەی کوردستانی لە قاهیرە بە ناوی 'کوردستان' لە ساڵی ١٨٩٨ دەرکردووە، ئەوەی جێگەی سەرنجە لەو کاتەدا بەدرخان ناوی ڕۆژنامەکەی بە 'کورد' نەناوە و کوردستانی هەڵبژاردووە، لە کاتێدا لەو سەردەمەدا پرسی ئەتنیکی کوردی زیاتر زاڵبووە تەنانەت هەتا نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمیش هێشتا کورستانیبوون گەشەی نەکردبوو.

هەروەها خانای قوبادی١٧٠٠-١٧٥٩، لە میرنشینی ئەردەڵان، پێش حاجی قادری کۆیی، دیسان وەک یەکێکی دیکە لە ڕابەرانی ناسیۆنالیزمی کوردی دەبینرێت. ئەم کە دوای ئەحمەدی خانی ژیاوە شیعرەکانی بە دیالێکتیکی گۆران-هەورامی نووسیوە، بەهەمان شێوە هانی کورد دەدا بۆ یەکێتی و بیرکردنەوە لە دامەزراندنی قەوارەی خۆیان، ئەم زیاتر جەخت لەسەر زمانی کوردی دەکات (باوەجانی، ٢٠١٨)؛

هەرچەن مەواچان فارسی شەکەرەن

کوردی جە شەکەر بەس شیرین تەرەن

یەقینەن جە دەور دونیای پڕ ئەندێش

هەرکەس دڵشادەن وە زوان وێش

مەعلومەن هەرکەس بە هەر زمانێ

بواچۆ نەزمێ جە هەر مەکانێ

هەستی ئەم شاعیرانە و ئەوانەی دوای ئەمانیش سەرچاوەکەی ئەو هەستە پڕ لە خەم و ناسۆرەیە کە لەو ڕۆژگارەدا کورد بەدەستییەوە ناڵاندوویەتی، کە ڕەنگە هەتا ئێستاش هەرپێوە بناڵێت. لاوازی و پەرتەوازەیی کوردە کە بۆچی هەوڵی خۆ ڕزگارکردن لەبری دووبەرەکی و خۆخواردن نادەن. ئەم شیعرو هەوڵە جیاوازانەی لەو سەردەمەدا بە هەوڵی ناسیونالیستی ناژمێردرێت لەبەر هۆکارگەلێک کە لە بەشەکانی دیکەی ئەم توێژینەوەیەدا ئاماژەی بۆکراوە، بەوپێیەی قۆناغی مۆدێرنە نەهاتووەتەئارا هەروەها نەبووە بە پرۆسەیەکی سیاسی خاوەن پرۆژەی سەربەخۆیی. لەگەڵ ئەوەشدا هەریەک لەمانە و ئەوانی دیش ڕۆڵی خۆیان گێراوە لە گەشەکردنی بیری نەتەوەیی لەناو کورددا، بۆیە دەبێت وەک سامانی نیشتمانی لای کورد سەیربکرێت.

بەشێوەیەکی گشتی بیری ناسیونالیستی و کردەی ناسیونالیستی لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٩ و سەرەتای سەدەی بیست هاتووەتە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین. لەناو توێژی لاواندا لەژێر کاریگەری ناسیۆنالیزمی ئەوروپی کۆمەڵە و بزووتنەوەی ناسیونالیستی گەشەیانکردووە. لەنێو خەلافەتی عوسمانییەکان کۆمەڵەی 'اتحاد و ترقی جمعیتی' لەساڵی ١٩٠٨دامەزرا، کە دواجار بوو بە حیزبێکی توندرەوی داپڵۆسێنەر و ڕۆڵی سەرەکییان هەبوو لە سرینەوەی ئەرمەن و کورد و یۆنانی و ئاشورییەکانی تورکیا.

لەناو کوردیشدا ئەم کاریگەرییە ڕەنگیداوەتەوە، کۆمەڵەی سیاسی نەتەوەیی دادەمەزرێت، یەکەم کۆمەڵەی ناسیونالیستی بەناوی کۆمەڵەی 'کوردستان تعالی جمعیتی' لە ساڵی ١٩٢٠دامەزراوە و نووسین وچاپەمەنی کوردی گەشەیکردووە. دواتریش حزبی کوردی و شۆرش و خەباتی نەتەوەیی گەشەدەکات. سەرەتاکانی ڕووخانی خەلافەتی عوسمانی و دەرەنجامەکانی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی دەرفەتی زێرین بوون بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی لە ناوچەکە. لە ١٤ خاڵەکەی (ودرۆ ولسن)ی سەرۆکی ئەمەریکا لە ساڵی ١٩١٨ بە ئاشکرا باس لە دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ هەر میللەتێکی نێو چوارچێوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەکات. خاڵی ١٢ دەڵێت: نەتەوەکانی کە ئێستا لە ژێر حوکمی تورکدان پێویستە دڵنیابکرێنەوە بە بوونی ژیانێکی ئاسایش و چانسی گەشەپێدانی سەربەخۆیی. لەگەڵ ئەوەشدا، بە هۆکاری جیاواز کورد سودی لەو دەرفەتە وەرنەگرت و وەک نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت مایەوە. هەرچەندە لێرە و لەوێ لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان ڕاپەرین و بزووتنەوەی چەکداری نەتەوەیی سەریانهەڵداوە وەک ڕاپەرینی سمایل خانی شکاک ١٩٢٠ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕاپەرینی شیخ مەحمودی حەفید ١٩١٨ لە باشوری کوردستان، ڕاپەرینی شیخ سەعیدی پیران ١٩٢٥ لە باکوری کوردستان ... هتد. هیچ یەک لەم بزوتنەوە چەکدارییانە و ئەوانی دواتریش لە ساڵەکانی سییەکانی سەدەی بیستەم، سەرکەوتوو نەبوون لە کۆکردنەوەی کوردەکان و یەکخستنیان بەرەو دەوڵەتی کوردی، بەڵکو هەر زوو لە ئەنجامی هێرشە نابەرابەرەکانی دەوڵەتانی سەردەست پووکانەوە (جۆناتان سی،٢٠٠١؛ نادر ئینتیسار، ٢٠٠٣). لە قۆناغەکانی شەڕی دووەمی جیهانی و دوای ئەوەش هەتا ئێستا خەباتی کوردەکان بۆ مافی چارەنووس نەگەیشتە ئەنجام. هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی خەباتی کورد بۆ بەدەیهێنانی مافی چارەنووس فرەرەهەند و جیاوازن کە ڕەنگە بە ئاسانی نەتوانرێت ئاماژەی

بۆ بکرێت، بەڵام ناکۆکی و خیانەتی ناوخۆیی یەک لە هۆکارە سەرەکییەکانە (جۆناتان سی،٢٠٠١ :١٥٠-١٨٠). هەرگیز هیچ بەرەیەکی کورد لەگەڵ بەرەیەکی دیکەی کوردی وەک میرنشینەکان، قەڵەمڕەوەکان، حزبەکان ... یەکگرتوو نەبوون لەپێناو بەرژەوەندی نەتەوەییان.

لە دەرەنجام، جیاکردنەوەی پێکهاتەی کورد و دابەشکردنی لە ڕێی سنووری بەزەبری دەوڵەتانی مۆدێرنی تورکیا، ئێران، عێراق، سوریا خەونی یەکێتی کوردانی بە تەواوی پەکخست. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دەوڵەتانە، سەرباری پەیڕەوکردنی سیاسەتی تواندنەوە و داپڵۆسین تەنانەت جینۆسایدی بە کۆمەڵێش بۆ سڕینەوەی ئەتنیکی کورد یان تواندنەوەی لەنێو گرووپی باڵادەست، نەیانتوانی پرسی نەتەوەیی کورد کۆتایی پێبهێنن، بگرە هەستی ناسیونالیستی لەناو کوردەکان زیاتر گەشەی کردووە (نادر ئینتیسار، ٢٠٠٣). یەک لە هۆکارەکان ڕەنگە پەیوەست بێت بە جوگرافیای کوردستان کە زیاتر کەوتووەتە ناوچەی شاخاوی سەخت و کۆنترۆڵکردنیان ئاسان نییە (Amirahmadi, 1987). بەڵام ئەمە ئەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە کورد لە هەر پارچەیەکی ئەو دەوڵەتانە تایبەتمەندی خۆی وەرگرتووە و ناتوانرێت وەک پرسێکی پێکەوەیی سەیربکرێت، بەڵکو پێویستە هەر پارچەیەک خوێندنەوەی خۆی پەیوەست بە ناسیۆنالیزم بۆ بکرێت.

**٢- ناسیۆنالیزم لە هەرێمی کوردستان**

بەوپێیەی کورد لە هەرێمی کوردستان-عێراق خاوەن قەوارەیەکی سیاسی خۆبەخۆ و دامەزراوە سیاسییەکانە، پرسی ناسیۆنالیزم ناکرێت بەهەمان میتۆد و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان یان بزووتنەوە چەکدارییەکان شیکردنەوەی بۆ بکرێت، بەڵکو وەک هەرێمێکی فیدراڵی، کە خاوەن دەسەڵاتی شەرعی خۆیەتی خوێندنەوەی بۆ دەکرێت. لە هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی سیاسی بەرپرسیارێتی ئەوەی لە ئەستۆدایە، کە چۆن نەتەوە دروستبکات، بە واتای چۆن ناسنامەی کوردستانی دروست دەکات کە هەموو پێکهاتەکانی کوردستان لە پاڵ شوناسی نیشتمانی عێراقی، خۆیان وەک کوردستانی ببینن. ڕەنگە ئەو پرسیارە بکرێت ئایا دەکرێ لەنێو وڵاتیکی فیدراڵیدا دوو ناسنامە هەبێت؟

ئەنتۆنی سمیس (1986) ئاشکرایکردووە، لە کۆمەڵگا ئاڵۆزەکان و دەوڵەتە فرەنەتەوەییەکان، بەهۆی زۆرێک لە پەیوەندییە یەکتربڕ و جیاوازەکانەوە، جۆرێک لە "دڵسۆزی دووانە" ئاساییە و باو بووە. لەم ڕووەوە، زانایان مشتومڕیان لەسەر دوو ناسنامە (لە ئاستی نیشتمانی و لۆکاڵی) کردووە وەک توخمێک لە وڵاتانی فیدراڵیدا، کە مرۆڤەکان خۆیان وەک خاوەنی دوو ناسنامە هەست پێدەکەن، چ وەک ئەندامی گرووپێکی دیاریکراو و چ وەک هاوڵاتی دەوڵەتی تایبەتی خۆیان، بەڵام هەندێک لە زانایان دەڵێن دوو ناسنامە کاریگەری لەسەر دابەشبوونی کۆمەڵگا دەبێت و دەبێتە هۆی دابەشبوون و پارچە پارچەبوونی نوێ (Herther-Spiro, 2007)، چونکە بوونی دامەزراوەیی ناسنامەی ئەتنیکی/ لۆکاڵی دەبێتە هۆی پاراستنی ڕەگەزە نەتەوەییەکان لە مەترسی لەناوچوون، کە ڕێگە لە ئاوێزانبوون/تواندنەوەی گرووپەکان دەگرێت. سەرەڕای ئەوەش، ڕەنگە دووانەی ناسنامە لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵیدا نەبێتەهۆی جیابوونەوە ئەگەر ئاسایشی گرووپە نەتەوەییەکان گەرەنتی بکرێت و گرووپەکان بزانن بەرژەوەندییەکانیان بە مانەوەیان لەناو دەوڵەتەکاندا دەپارێزرێت (Adeney, 2007:19) . لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم بابەتە هەتا ئاستێکی زۆر هەستیارە و ڕەنگە سەربکێشێت بۆ سەرهەڵدانی ناکۆکی ناوخۆیی، بەتایبەت ئەگەر ناسنامەی لۆکاڵی بەهێزتر بێت، مەیلی جوداخوازی زیاتردەبێت، بەپێچەوانەشەوە ئەگەر ناسنامەی نیشتمانی بەهێزتر بێت، ڕەنگە گرووپە ئەتنیکییەکان هەست پەراوێزخستن و زوڵم بکەن. هەربۆیە، پێویستە هاوسەنگی لە نێوان ناسنامەی نیشتمانی و ناسنامەی ئەتنیکی بپارێزرێت.

sjh@univsul.edu.iq

هەتا ئەو شوێنەی کوردستان وەک هەرێمێکی فیدراڵی بەشێکە لە عێراق، دەکرێت دووانەی ناسنامە عێراقی/ کوردستانی هەبێت. ئەوانەی لە هەرێم دەژین ناسنامەی کوردستانیان هەبێت بە هەموو پێکهاتەکانەوە خۆیان بە کوردستانی بزانن. هاوکات ناسنامەی عێراقیش وەک ناسنامەی نیشتمانی قبوڵ بکرێت، بەومەرجەی هیچکامیان لەسەر حسابی ئەوەی دییان نەبێت، واتە جۆرێک هاوسەنگی هەبێت. لەم پێودانگەوە، پرۆسەی ئاوێزانبوون و دروستکردنی شوناس دەبێتە بەشێک لە سیاسەتی ناسیۆنالیزمی حکومەتی کوردستان، بۆئەوەی پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگای کوردستان بە کورد و تورکمان و عەرەب و ئاشووری، هەروەها شیعە و سوننە و کاکەیی و کریستیان و ئێزیدی لە پاڵ شوناسە ئەتنیکی و ئاینییەکەی خۆیان، خۆیان بە کوردستانی بناسێنن. ئەمە بەو مانایە نییە کە پێویستە چوارچێوەیەکی یاسایی، یان فەرمی حکومی لە کوردستانبوونی هەبێت دەربارەی چۆنێتی دروستکردنی نەتەوە/ناسنامەی کوردستانی، بەڵکو وەک گێلنەر ئاماژەی بۆ دەکات، ناسیۆنالیزم وەک پرۆسەیەکی سیاسی لە کوردستان کاربکات بۆ ئاوێزانبوون و بەهێزکردنی ناسنامەی کوردستانی.

ئەم بابەتە تا ئێستاش لەلایەن دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان ڕەنگە بە باشی بیری لێنەکرابێتەوە، بەوپێیەی تائێستا لە کوردستان کار لەسەر دروستکردنی هاوبەشێتی لە بوارەکانی ئەفسانە و یادەوەری هاوبەش، سیمبول و ئاڵا و سرودی هاوبەش، شادی و خەمی هاوبەش نەکراوە. هەروەها نەتوانراوە پرۆسەی نیشتمانسازی گەشەپێبدرێت، هەرچەندە لە ڕووی مافی کەمینە یاسایەک هەیە و هەندێ کاری باش لە ڕووی پەروەردە و بەشداری سیاسی کراوە (وەک هەبوونی قوتابخانە بە زمانی تورکمان و سریانی)، بەڵام پەرتوبڵاو و بێ ستراتیژە. هەتا ئاستێکی زۆر حزبە کوردییەکان لەسەر هەمان گوتار و سیاسەتی سەدەی ڕابردوو واتە ناسیۆنالیزمی ئەتنیکی کوردی کاردەکەن و نەیانتوانیوە بەپێی دۆخی نوێی نیمچە سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان گوتارەکانیان بەرەو ناسیۆنالیزمی مەدەنی بگۆڕن. هەروەک چۆن حزبی نیشتمانی لە عێراق گەشەی نەکردووە، لە کوردستانیش حزبەکان نەیانتوانیوە وەک پێویست پێکهاتە جیاوازەکان لەخۆبگرن، لەکاتێکدا حزبی نیشتمانی لەخۆگر(inclusive) کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر دروستکردنی هاوبەشێتی و بەهێزکردنی ناسنامەی نیشتمانی، پێچەوانەکەشی ڕاستە هەبوونی حزبی نا نیشتمانی هاندەرە بۆ بەهێزکردنی ناسنامەی ئەتنیکی و تائیفی ( Hama, 2018:199)، بۆیە پرسی ناسنامەی کوردستانی لەناو کەمینەکانی هەرێمی کوردستان گەشەی نەکردووە. پلانێکی ڕوون نییە کە چۆن ئینتیمای نیشتمانی کوردستانی دروستدەکرێت، بۆ نموونە لەنێو پەروەردە، زانکۆکان، سەربازگە، شوێنی کارەکان، ڕاگەیاند.....هتد.

تەنانەت لەناو خودی پێکهاتەی کوردیشدا دووبەرەکی و شەڕی ناوخۆیی نێوان حزبەکان کاریگەری زۆر نەرێنی لەسەر کوردستانیبوون دروستکردووە و جۆرێک لە دوو زۆنی دروستبووە کە لە ئایندەی دوور، ڕەنگە ببێتە بنەمای دروستبوونی دوو ناسنامەی ناوچەیی (بۆ نموونە زۆنی زەرد و زۆنی سەوز، یان سلێمانی و هەولێری). کێشەی دوو زۆنی نەک تەنها کۆمەڵگای کوردستانی تووشی پارچە پارچەکردن کردووە، بەڵکو لەناو دامەزراوە سیاسیی و سەربازیی و ئیدارییەکانیشدا کاریگەری زۆر نەرێنی داناوە لەسەر دووبەرەکی و ناکۆکی، ئەمەش بەتەواوی پێچەوانەی تیۆرییەکانی ناسیۆنالیزمە کە کار لەسەر هاوبەشێتی و یەکێتی دەکات. پێویستە شوێنەوارەکانی شەڕی ناخۆیی بنبربکرێت، بۆئەوەی دووبەرەکی و ترازان بەردەوام نەبێت، هەروەک ئێرنست ڕێنان (١٩٩٢) ئاماژەی بۆکردووە، توانای لەبیرکردنی یادەوەرییە تاڵەکان، ئەو شەڕ و قوربانیانەی لە ڕابردوودا ڕوویانداوە، گرنگی خۆی هەیە لە بەردەوامی پێکەوەژیان و دروستکردنی نەتەوە.

لەلایەکی دیکەوە، عەشیرەتگەریی و دیاردەی گەڕانەوە بۆ پەیوەندی خێڵ و هۆز و ئاینزاکان زۆر گەشەی کردووە، لەکاتێکدا یەک لە ئامانجەکانی ناسیۆنالیزم بریتییە لە پچڕاندنی پەیوەندییە خێڵگەراییەکان و ئایینزاکان بۆ پەیوەندی هاوڵاتیبوون. گەشەکردنی پەیوەندی عەشیرەت و هۆز و ئایینزا لەنێو کۆمەڵگای کوردستان لە سەردەمی حکومڕانی کورددا،

sjh@univsul.edu.iq

جێی سەرنجە و پێویستی بەوەیە کە لێکدانەوەی قووڵی بۆ بکرێت، کە لەم توێژینەوەیە ڕەنگە بوار نەبێت بەوردی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، بەڵام بەشێوەیەکی ڕێژەیی هۆکارەکانی سەرهەڵدانەوەی پەیوەندییەکانی عەشیرەت و تیرە و هۆز لەم خاڵانەوە سەرچاوە دەگرێت:

1 - ترس لە نەبوونی ئاسایش. دەکرێت یەک لە هۆکارەکانی ئەم دیاردە پەیوەندی بە ترس لە نەمانی ئاسایش بێت. ئەمە ئاماژەیەکە بۆ نەمانی متمانە و پچڕانی پەیوەندی خەڵک بە دامەزراوە فەرمییەکانی دەوڵەت. کاتێک خەڵک هەست بکەن پارێزراو نین، حکومەت ناتوانێت ئاسایش بەرقەرار بکات، یاسا سەروەر نییە، بۆئەوەی خۆیان بپارێزن پەنا بۆ عەشیرەتەکانیان دەبەنەوە. گەڕانەوە بۆ ئینتیما و پەیوەندییە بچووکەکان، بە مانای نەمانی متمانە بە دامەزراوەکانی هەرێم لە پاراستنی هاوڵاتیان دێت.

2 - دەستکەوت و بەرژەوەندی تایبەتی. دیوێکی دیکەی پەیوەستبوونەوە بە پەیوەندییە خێڵەکییەکان دەگەڕێتەوە بۆ دەستکەوت و بەرژەوەندییە تایبەتەکان. قۆستنەوەی کارتی ئاینی، یان عەشایەری لە لایەن کەسانێک بۆ دەستکەوت و بەرژەوەندی کەسی (بۆئەوەی زۆرترین خەڵکی عەشیرەتەکەمان پۆست وەربگرن دەبێت پشتگیری لەیەکتری بکەین). سیستمی هەڵبژاردن لە کوردستان و عێراق هەتا ئاستێکی زۆر یارمەتیدەرە بۆ ئەم خاڵە.

3 - بەرنامەی حزبەکان. زۆرجار حزبە سیاسییەکان بۆخۆیان برەو بە پشتگیری سیاسی دیوەخان و عەشیرەت دەدەن. ڕێژێکی زۆر لە سەرۆک عەشیرەت، یان ئەوانەی نازناوێکی عەشایەریی و ئایینزایی لەخۆیان دەنێن دەگرن، بەمەبەستی بەدەستهێنانی هەوادارییان. هەروەها لە دانانی کەسەکان لە پۆستە ئیدارییەکان و پەرلەمان پشت بە بنەمای دابەشبوونی عەشایەری دەبەسترێت.

هۆکارەکانی زیندووکردنەوەی پەیوەندی خێڵایەتی لە کۆمەڵگای کوردستانی هەرچییەک بێت ئەو ڕاستییە ناگۆرێت کە دیاردەیەکی مەترسیدارە و هیچکات لەگەڵ یەکێتی و پرسی ناسنامەی نەتەوەیی هاوکۆک نییە. بە درێژایی سەد ساڵی ڕابردوو هەرچوار دەوڵەتی سەردەست لەو شوینانەی لە تواندنەوەی کورد سەرکەوتوو نەبوون، هەوڵیانداوە کۆمەڵگای کوردی لە ئاستی پەیوەندی خێڵ بمینێتەوە و گەشە نەکات. خێڵگەرایی کارئاسانی ئەوە بۆ چوار دەوڵەتەکە دەکات تا پەیوەندی کورد و دەوڵەت بچووک بکەنەوە بۆ پەیوەندی خێڵەکان و دەوڵەت نەک پرسی نەتەوە و دەوڵەت. ڕامکردنی خێڵ و گرووپی ئایینی و وابەستەکردنیان بە دەسەڵات لە ڕێی چەکدارکردن و پێدانی ئیمتیاز، هەروەها دروستکردنی دووبەرەکی لە نێوانیان دۆخی کورد بە چەقبەستوویی و پەرتەوازەیی دەهێڵێتەوە و دووریان دەخاتەوە لە ئاگایی نەتەوەیی (رەفعەت، ٢٠٢٢: ١٨٤-١٨٦).

کەوابوو لە باسکردنی ناسیۆنالیزم یان نیشتمانسازی، هەرێمی کوردستان لەبەردەم سێ ئاستەنگدایە، کە بریتیە لە:

1 - دروستکردنی هاوبەشێتی و ئاوێزانبوون لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکان.

2 - سڕینەوەی شوێنەوارەکانی شەڕی ناوخۆیی و نەهێشتنی دوو زۆنی.

3 - ڕاگرتنی گەشەکردنی عەشیرەتگەریی و ئایینزایی و بەهێزکردنی هاوڵاتیبوون و تاکگەرایی.

هەریەک لەم ئاستەنگانە پێویستی بە ستراتیژی سیاسی و کاری درێژخایەن هەیە، کە حکومەتی هەرێم پێویستە جێبەجێی بکات. بەپێی ئێرنست گێلنەر نەتەوە دروست دەکرێت، تەنها لە هەلومەرجێک دروست دەکرێت کە بارودۆخی کۆمەڵایەتی گشتی ڕێگە دروستدەکات بۆ ستانداردکردن، لێکچوون، بەناوەندیکردنی بەردەوامی کلتوورە بەرزەکان، دۆخێک کە کلتووری یەکگرتوو و پەروەردەی مەرکەزی لەدایکدەبێت، بەو جۆرە یەکەیەک پێکدەهێنن کە مرۆڤەکان بە ئارەزووی

خۆیان و زۆرجار بە سۆزەوە خۆیانی پێدەناسێنن (Gellner, 1983; Dikshit, 2022). هەرچەندە ئەم دۆخە پەیوەستە بە کۆمەڵگەیەکی پیشەسازی مۆدێرنەوە و کوردستان لە ئاستی ئابوری-کلتوری کۆمەڵگایەکی پیشەسازی نییە، بەڵام کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵیش نییە بەوپێیەی هەموو ئامرازەکانی مۆدێرنە لە زانکۆ، سەربازگە، قوتابخانە، تەکنەلۆژیا، سیستمی ئاڵۆزی بیرۆکراسی و دادگا و ... هتد بوونی هەیە و هەتا ئاستێکیش کارگە و کۆمپانیای بچووک و پاڵاوگەی نەوت و بازرگانی تێدایە، بەڵام لە ئاستی کلتوری، سۆسیۆ-ئابووری نەچووەتە قۆناغی کۆمەڵگایەکی پیشەسازی کە دەوەستێ لەسەر گەشەی مەعریفە و ئابوری، هۆکارە جۆراوجۆرەکانی وەک خوێندەواری گشتگیر، تاکگەرایی، ناوەندگەرایی سیاسی، پێویستی ژێرخانی پەروەردەی بەهێز کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کولتوری باڵا (خوێندەوار) کە مرۆڤەکان تێیدا پەروەردە کراون دەربارەی شوناسی نیشتمانی.

**٣-ناسنامەی کوردستانی**

هەر دەوڵەتێکی مۆدێرن دوو لایەنی گرنگ لەخۆدەگرێت؛ یەکێکیان سیستەمی دەوڵەت-نەتەوە و ئەوی تریان ناسنامەی نەتەوەیی دانیشتووانی ناو خاکی دەوڵەتەکە. ناسنامەی نەتەوەیی ئاماژەیە بۆ ناسنامەی هاووڵاتیانی هەر وڵاتێک کە نەریتی مێژوویی و کلتووری، بەها ئەخلاقییەکان، بیروباوەڕەکان، سەروەری نەتەوەیی خۆیان هەیە. ئەمەش بەوشێوەیە دەردەکەوێت کە خەڵک چ وەک تاکەکان یان گرووپەکان پێیانوایە کە سەر بە قەوارەیەکن وەک کۆمەڵگەیەکی سیاسی.

دروستکردنی ناسنامە یەکێکە لە کێشە سەرەکییەکانی وڵاتانی تازە پێگەشتووە، سیاسەتی نەگونجاوی حکومەتەکان، بەپێچەوانەی یەکگرتن و بنیاتنانی نەتەوە، وایکردووە هەر گرووپێک ناسنامەی سەرەتایی خۆی بهێڵێتەوە. حکومەتەکان لە سیاسەتی بنیاتنانی ناسنامەی نەتەوەییدا هەمیشە ملکەچی ناسیۆنالیزمی ئەتنیکی بوون، نەک مەدەنی. جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان هەردوو شێوازەکەدا هەیە؛ لەکاتێکدا ناسیۆنالیزمی ئەتنیکی زیاتر پشت بە هێما کلتوورییەکان و یادەوەریی و مێژوو دەبەستێت، ناسیۆنالیزمی مەدەنی سەرنجی لەسەر بەرژەوەندییە هاوبەشەکان، ئیرادەی هاوبەش، یەکسانی و مافە مەدەنییەکانە، بەبێ گوێدانە پاشخانی خەڵک. ناسیۆنالیزمی مەدەنی خۆی دەپارێزێت لە  وورووژاندن و زیندووکردنەوەی هەستی ئەتنیکی و دروستکردنی جیاوازی ڕەگەزی، بەڵام بۆ دروستکردنی ڕۆحی هاوبەشیتی، کار لەسەر شتگەلێکی دیکەی ڕۆحی و سیمبولیک دەکات، وەک دروستکردنی شانازی نەتەوە لە ڕێگەی وەرزش و هونەر، ئاڵا، ئارم، سروود، ڕۆژی نیشتمانی و ڕێزگرتن لە سیمبولەکان، بەهاکانی ئازادی و کلتووری پێکهاتەکان. لەهەمانکاتدا کارکردن لەسەر زمانێکی هاوبەش بۆ پێکەوەگرێدانی هەمووان.

ناسیۆنالیزمی مەدەنی لەپێناوی دروستکردنی ناسنامەی نەتەوەیی یان ئینتیما کاردەکات لە سەر سڕینەوەی جیاکاریی و بە یاساییکردنی پاراستنی مافی ئەوانیدی، هەروەها ڕەخساندنی مافی یەکسانی لە پەروەردە و تەندرووستی و خزمەتگوزارییەکان و چانسی ئیشکردن. بەپێی گێلنەر (١٩٨٣)  نەتەوە لە ژێر دوو بارودۆخدا دروستدەکرێت: (١) کاتێک خەڵکەکە هەمان کلتووریان هەیە کە ئاماژەیە بۆ بوونی سیستەمێکی هاوشێوەی بیر، هێما، هەماهەنگی، شێوازی هەلسوکەوت و پەیوەندیکردن؛ (٢) کاتێک مرۆڤەکان دان بە ماف و ئەرکەکانی یەکتردا دەنێن لە سەر  هەمان خاک و هاوبەشیکردنی ئەندامێتیدا (Dikshit, 2022) .

عێراق و هەرێمی کوردستانیش هەتا ئێستا لەبەردەم ئاستەنگی گەورەدان لە دروستکردنی ناسنامەدا. سەرباری دامەزراندنی دۆخێکی نوێ لە عێراق و هەرێمی کوردستان لە دوای پەسەندکردنی دەستوری ساڵی ٢٠٠٥، هەوڵدان بۆ دروستکردنی عێراقی یان کوردستانی هێشتا لەوپەڕی خراپیدایە. لەکاتێکدا ناسنامەکانی ئەتنیکی تائیفی وەک شیعە، سوننە، تورکمان، کورد بەهێزتربوون لە عێراق. ئەگەر پێشتر سیاسەتی وەدەرنان کە لەلایەن سوننەکانەوە دژی شیعە و کورد

sjh@univsul.edu.iq

جێبەجێکرابێت (Wimmer, 2003) لە عێراقی نوێ، پێچەوانە کرایەوە بۆ سیاسەتی وەدەرنان بە سەرکردایەتی شیعە لە دژی سوننە و کورد. لە کوردستانیش کێشەی دوو زۆنی و عەشیرەتگەریی و پەیوەستنەبوونی پێکهاتەکان بە ناسنامەی کوردستانی تۆختربووەتەوە، نەتوانراوە بوار بۆ نوێنەرایەتییەکی ڕاستەقینەی پێکهاتەکان برەخسێندرێت لەنێو دامودەزگا سیاسییەکان. لە کوردستان دەسەڵاتی سیاسی بەرپرسیارێتی ئەوەی لە ئەستۆدایە، زەمینە خۆش بکات بۆئەوەی ئەوانیدی پەیوەست بکرێن بە هەرێم. دەرفەتی ئیش و یەکسانی فراوان بکرێت و هەموو ناوچەکان بە ڕێگەی خێرا و ئاسان پێکەوە گرێبدرێن. دەکرێت زمانی کوردی وەک زمانی هاوبەش بەسەنتەر بکرێت و لە دامودەزگا و بیرۆکراسیەت و پەروەردە بەکاربهێنرێت. ئەمە بە مانای فەرامۆشکردنی زمانی ئەوانی دی و دیالێکتیکەکان نایەت، بەڵکو بە مانای زمانی هاوبەش دێت، هەروەها گرنگیدان بە سیمبول و یاد و بیرەوەری هاوبەش و شانازی نەتەوە.

## چوارەم ـ ئەنجام

مەبەست لەم توێژینەوەیە بریتیبوو لە لێکۆڵینەوە لە پرسی نەتەوە و ناسیۆنالیزم بەشێوەیەکی گشتی و پەیوەستکردنی بە ناسنامەی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان. توێژینەوە گەیشتە ئەو دەرەنجامەی کە هەرچەندە بوونی دووانەی ناسنامە بۆ هاوڵاتیانی دەوڵەتانی فیدراڵی شتێکی نامۆ نیە، ناسنامەی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان بەهۆی دووبەرەکی هێزە ناکۆکەکان لە بەردەم مەترسی پارچە پارچەبوون و زاڵکردنی ناسنامەی ناوچەگەرێتی دایە. بۆ هەرێمی کوردستان کە خاوەن قەوارەو هەژموونێکی سیاسییە، پێویستە گوتاری نیشتمانی کوردستانیبوون لەبری گوتاری ئەتنیکی کوردبوون بەهێزبکرێت، هەروەها گرنگیدان بە هاوڵاتیبوون و دوورکەوتنەوە لەو گوتارو هەنگاوانەی کە هەستیاری ئەتنیکی دروستدەکەن. زۆر گرنگە کار لەسەر ناسیۆنالیزمی مەدەنی بکرێت و خەڵک زیاتر بە چەمکی هاوڵاتیبوون و کوردستانیبوون ئاشنا بکرێت نەک گوتاری ئەتنیکی و عەشایەری. ئەمەش پێویستی بە گۆڕینی گوتاری حزبەکان و حکومەتە بەرەو ناسیونالیزمی مەدەنی. ژیاندنەوەی بابەتی عەشیرەتگەریی و ئایینزایی مەترسین لەسەر ئاوێزانبوون و پێکەوەگرێدانی پێکهاتەکان و هەتا نەتوانرێت قۆناغی خێڵ و عەشیرەت تێپەڕێنرێت، نەتەوە و دەوڵەت دروستنابێت. هەروەها گەڕانەوە بۆ قۆناغی عەشیرەتگەریی و ئایینزای ڕێگەخۆشکەرە بۆ زیاتر لێکترازان و دوورکەوتنەوە لە ئاوێتەکردن و پێکەوەبەستنی خەڵک لەگەڵ دامەزراوەکانی دەوڵەت. بۆیە دەسەڵاتی سیاسی پێویستە گرنگی بە پرسەکانی پەروەردەی مەدەنی و ستانداردکردن بدات و هەوڵبدات ئامرازەکانی هاوبەشێتی نیشتمانی لە سروود و ئاڵا و ئارم و گوتارەکانی گەشە پێبدات.

## سەرچاوەکان:

أوزكيريملي، أموت، (٢٠١٣)، نظريات القومية: مقدمة نقدية، طبعة الاولى، ترجمة معين الامام، مراجعة فايز الصيّاع، المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات، الدوحة، قطر.

ئینتیسار، نادر (٢٠٠٣). ئیتنۆنەتەوایەتی کوردی. وەرگێرانی: عەتا قەرەداغی. خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی قانع، چ ١. سلێمانی.

ڤان براونیسن، مارتین. (٢٠١٧)، مەم و زینی ئەحمەدی خانی و دەوری لە دەرکەوتنی وشیاری نەتەوەیی کوردیدا. وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە: حەسەنی قازی.

وەلی، عەباس. (٢٠٢٣)، ئێمە و ئەحمەدی خانی. وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە: سەحەر ساڵحیان. ماڵپەری ژنەفتن ٢٠٢٣/٢/٨.

sjh@univsul.edu.iq

باوەجانی، عارف ، ٢٠١٨.خانای قوبادی ئەو ئەستێرەگەشەی لەکاتی تاریکدا ڕووناکی هێنا.
ڕەفعەت، ئارام (٢٠٢٢). سەد ساڵ لە دەرەوەی مێژوودا. لە کتێبی دوای سەد ساڵ لە سیڤەر کورد لە کوێوە بۆ کوێ؟.
کۆمەڵێک نووسەر. ناوەندی توێژینەوەی مێژوویی جەمیل ڕۆژبەیانی.

Adeney, K. (2007), Federalism and Ethnic Conflict Regulation in India and
Pakistan. New York: Palgrave Macmillan.

Alter, P. (1989), Nationalism, Edward Arnold, London.

Amirahmadi, H. (1987), A theory of Ethnic Collective Movements and its Application to Iran. Ethnic and Racial Studies, 10(4). PP: 363-391, 369.

Anderson B. (1991) [1983], Imagined Communities. Reflections on the Origin and Spread of Nationalism, London: Verso.

Aziz, M. (2015) [2011], The Kurds of Iraq: Nationalism and Identity in Iraqi Kurdistan, I B Tauris, London.

Billig, M. (1995), Banal Nationalism, London: Sage Publications, PP: 24, 60 & 69.

Brubaker, R. (1996), " Nationalism Reframed: nationhood and the national question in the New Europe", Cambridge, CUP, PP: 1-10.

Brown, C., T. Nardin, and N. Rengger, (2002), (eds.), International Relations in Political Thought: Texts from the Ancient Greeks to the First World War, Cambridge, Cambridge University Press, P:476

Dikshit, V., T. (2022), Ernest Gellner’s Perspectives on Nationalism in Nations and Nationalism. International Journal of Social Science Research and Review, 5, (8), PP: 230-238

Eriksen, T. H. (2002). Ethnicity and Nationalism: Anthropological perspectives. (2ed). London: Pluto Press.

Fukuyama, Fracis. (1989). The End of History?. *The National Interest*. No 16, PP: 3-18.

Nicolson. Gellner, E. (1964), Thought and Change, London: Weidenfeld and

Gellner, E. (1983), Nations and Nationalism, Oxford: Blackwell.

Greenfeld, L. (1992), Nationalism: Five Roads to Modernity. 2nd ed. London: Harvard University Press.

Hama, Yaseen (2018) Federalism and the challenges of ethnic conflict regulation in deeply divided society: the case of Iraq. PhD thesis, University of Nottingham.

Herther-S, N.B. (2007), Can Ethnic Federalism prevent Recourse to Rebellion?
A Comparative Analysis of the Ethiopian and Iraqi Constitutional Structures.
Emory International Law Review, 1 (21), PP: 321-372

Hugh Seton-Watson. (1977), Nations and States: an enquiry into the origins of nations and the politics of nationalism, Boulder: Westview Press, 1.

J. Samuel B, and B. Cronin. (1994), The state and the nation: changing norms and the rules of sovereignty in international relations', International Organization, 48 (1), PP: 107-130, 119.

Kedourie, E. (1961), Nationalism, London: Hutchinson University Library.

March Renan, E. "What is a Nation?". (1882), text of a conference delivered at the Sorbonne on 11th, 1882, in Ernest Renan, *Qu'est-ce qu'une* nation? Paris, Presses-Pocket,1992.

Renan, Ernest., What is a nation? Vol. 2, Tapir Press, 1996, (translated by Ethan Rundell) pp. 23-25

Smith, A. D. (1986), The Ethnic Origins of Nations, Oxford: Basil Blackwell.

Smith, A. D. (1991), National Identity, London: Penguin Books, PP: 21, 40.

Wimmer, A. (2003), Democracy and Ethno-Religious Conflict in Iraq. Survival, 45(4), 111-134.

Wimmer A and Y. Feinstein. (2010), 'The Rise of the Nation-State across the World, 1816-2001, American Sociological Review, October, 75 (5), PP:764-790, 764.

**Abstract**

the interpretation and analysis of nationalism from the perspective of history and In this paper political sociology is discussed and attempts are made to answer several questions such as: What is nationalism and what is its relationship to the Kurdish question? What are the main schools in this field? Is it possible to have a different identity in the Federal State? What are the challenges and obstacles of national identity in the Kurdistan Region? Based on the theoretical analysis of political literature in the field of nationalism and from contemporary thinkers and theorist's The paper has Anthony D. Smith and Benedict Anderson. viewpoints such as Ernest Gellner, but the issue of identity in found that it is possible to have dual identities in a federal state, Kurdistan is facing major challenges.